# وەڵامێک بۆ ( سەمیر سەلیم )

# ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی

هیدایەت مەلا عەلی

لە میدیای ژمارە ( 289 ) ی ڕۆژی سێ شەممە 2007/5/15 چاوپێکەوتنێکی ( سەمیر سەلیم ) ئەندامی یەدەگی ( م .س ) یەکگرتووم خوێندەوە ، کە ئەوەی دەهێنا لەڕوانگەی خۆمەوە وەڵامی بدەمەوە ، ڕاستە وەڵامەکەی من لە ڕوانگەی چاوپێکەوتنەکەی ناوبراوە هاتووە ، بەڵام خودی قسەو وەڵامەکانی ( سەمیر سەلیم ) زۆر لێکدانەوە هەڵدەگرێت و ئەوە دەهێنێت ترسناکی سەرهەڵدانی ئەو قۆناغەی کە باسی دەکات ، لە لایەن شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ئیسلامی سیاسی قسەی لەسەر بکرێت ، بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردوستان لە ئەزمونەکانی ( میسر) و ( جەزائیر) و چەندین وڵاتی تر بە دووربن ، ئیرهاب و خوێناوی کردنی کۆمەڵگا و هەڵکێشانی لاشەی مناڵان و نەیارانی سیاسی بەچاوی خۆیان نەبینن ، من لێرەدا نامەوێت بچمە سەر ئەوەی کە ڕەوتەکەی ( سەمیر سەلیم ) کەی و چۆن سەری هەڵداوە ، یان چۆن هاتۆتە کوردوستان و لە قۆناغە سیاسی و کۆمەڵایەتیە زۆر گرنگەکانی ژیانی  خەڵکی کوردوستان چ پەیامێکی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتبوو سەرئەنجام چۆنیش کاری پێدەکرد ، من لێرەدا زیاترئەمەوێت قسە لەسەرئەوپایانە بکەم کە لەدوای ڕاپەڕینەوە( یەکگرتوو ) لەسەری خۆی ڕاگەیاند ، پاشان وەک خەسڵەتێکی سروشتی ئەم ڕەوتە باسی قۆناغ و لابردنی ئەو دەمامکانە بکەم کە ( یەکگرتوو ) بۆ چاو بەست و فریوودانی خەڵکی کوردوستان بەکاری هێناوە ، بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان من چاوپێکەوتنەکەی ( سەمیر سەلیم ) وەک نموونە وەردەگرم و هەوڵ دەدەم شرۆڤەی بکەم  و لە ڕوانگەی تازەترین هەڵوێست و بەرنامەیانەوە ڕاستیەکان ئاشکراترو بەرجەستەتر بخرێتە بەردەم خەڵکی کوردوستان ،( یەکگرتوو ) لە ساڵی ( 1994 ) دا خۆی وەک ڕێکخراوێکی  ئیسلاحی و پەروەردەی گشتی ڕاگەیاند ، ( یەکگرتوو ) لەسەر ( 4 ) پایەیەی بەزۆر سەپێنراو ناجێگیر بانگەوازی خۆی کرد ، یەکەم / ناسنامەی ئیسلامی بوون ، دووەم / برسیەتی و گەمارۆی ئابوری ،  سێیەم / پاشەکشەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ئاکامی شەڕی نێوان ( ی . ن .ک ) و ( بزووتنەوە ) وەک ڕەوتێکی چەکدارو توندڕەوی ئیسلامی ، چوارەم / بوونی دەسەڵاتێکی میلیشیای لە کوردوستان کە وەڵام دەرەوە نەبووە بە پێداویستیەکانی ژیانی سیاسی و بژێوی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوروستان ، بە ڕەئی من ( یەکگرتوو ) لەم هەلومەرجەدا توانی فرسەت وەربگرێت و قولاپی ڕاوی خۆی هەڵداتە ڕوباری کۆمەڵگاوەو نێچیرەکانی کۆبکاتەوە ، ( یەکگرتوو ) لەڕێگەی پێناسەکردنی خەڵکی کوردوستان وەک خەڵکێکی مسوڵمان و پاشان حیساب کردن لەسەر ڕادەی کاریگەری مەزهەب لە ژیانی خەڵکیدا  ، توانی کێڵگەی بەرهەم هێنانی پرۆژەیەک کە ( یەکگرتوو ) کاری بۆ دەکرد ئاسانترو بەرهەمدارتر بکات ، گەمارۆی ئابوری برسەتی و دەستەنگی خەڵکی کوردوستان ، گرانی و نەبوونی سەرەتایترین پێداویستیەکانی ژیان ، سواڵ و هەژاری ، کۆکردنەوەی گوڵەگەنم ، فرۆشتنی قاپ و لیفەو دۆشەکی ناو ماڵ ، قەرز و کۆڵبەری و سنور بڕین ، ئەو زەمینەیە بوو کە ( یەکگرتوو ) توانی بێت و لە ڕێگەی مووچەی هەتیوانەو بەخشینەوەی گۆشت  و ڕێکخستنی شەوانی ڕەمەزان بە خواردن و شەوچەرەوە بکاتە کەمین و خەڵکی هەژار و دەستەنگی پێبخاتە ناو بۆسەکەی خۆیەوە ، هەرچەندە ( یەکگرتوو ) لە ژێر ناوی

جیاواز جیاوازدا ئەم کارانەی دەکرد ، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو تووله ڕێگاکان چوونەوە سەر ئەو شارێیەی کە ناوی ( یەکگرتووە ) . دەرکەوتنی بزووتنەوەی ئیسلامی وەک هێزێکی چەکدار و توندڕەو ، پاشان شەڕو پێکدادانی نێوان ( ی . ن . ک ) و ( بزووتنەوە ) کە بە شکستی ( بزووتنەوە) کۆتایی هات ، بێزاری خەڵک لە کارو بەرخوردی ( بزووتنەوە ) سەبارەت بە ئازادی و مافەسەرەتاییەکانی خەڵک ، شانسێکی باشی خستەبەردەم ( یەکگرتوو) بۆ ئەوەی خۆی ڕابگەیەنێت و بتوانێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوەو، بە کۆمەڵگاش بڵێ ئەمە ئیسلامی سیاسییە نەک توندڕەوی و شەڕ و پێشێل کردنی ئازادی خەڵک ، ( یەکگرتوو ) ئەم کاتەی بۆیە هەڵبژارد تا بەخەڵک و بە پاشماوەی هێزی شکست خواردوی ( بزووتنەوە ) بڵێت ئەتوانی لەگەڵ ئێمە بیت و ڕیشیش بتاشیت و بۆینباخیش ببەستیت و هەمیشە چەکیشت بەشانەوە نەبێت ، بوونی دەسەڵاتێکی میلیشیای لە کوردوستان و وەڵام نەدانەوە بەپێداویستیەکانی ژیانی خەڵک بە گشتی و ، لاوان ، منالان ، ژنان بەتایبەتی پایەیەکی تری گرنگە لەو پایانەی ( یەکگرتوو ) خستییە ژێر کورسی سەردەرهێنانەکەی ، نموونەیەکی سادە کافیە بۆ ئەوەی بزانین کە چ دەسەڵاتێک لەکوردوستان حاکمەو ، ( یەکگرتوو ) ش چەندە سوودی وەرگرتووە لەم سەرگەردانییە ، من خۆم مامۆستا بووم لە یەکێک لە دواناوەندیەکانی هەڵەبجەی تازە ، تیپێکی تۆپ تۆپێنی سەر بە ( یەکگرتوو ) ژوورە سوتاوەکی بەڕێوبەری تەعمیر کردەوە ، دوایی مامۆستای سەرپەرشتیاری ئەم تیپە داوای کرد کە لەکۆبونەوەی هەفتانەی خوێندکاراندا سوپاسی ئەم تیپە بکرێت ، کەسێک نەیپرسی ئایا ئەم تیپە ( ڕیاڵ مەدریدە ) یان ( مانچستەریونایتد ) ؟ ئەم تیپە سەرچاوی ئابوری لەکوێوە هێناوە وا تەعمیر دەکات و لەبری حکوومەت بنیات دەنێت ؟ ئایا ئەمە کاری حکوومەتە یان تیپی تۆپ تۆپێن ؟ لەکاتی بوونی حکوومەتێکی نۆرماڵ و وەڵام دەرەوە بەپێداویستیەکان ئەم جۆرە کارانە نە دێنە پێشەوە ، نە ( یەکگرتوو) ش دەتوانێت بیکات بە سەرەتایی چوونە ناو پرۆسەی خوێندن و قۆزتنەوەی ئەم واقیعەتە بۆ بەرژەوەندی و کەسپی حیزبی . لێرەوە دەمەوێت بچمە ناو باسەکەمەوە ، ئەو ڕۆژەی ( یەکگرتوو ) ڕاگەیەنرا من لە ناوەڕاستی بازاڕی هەڵەبجەی تازە ڕاوەستابووم ، کەسێک کە لەهەڵەبجەی شەهیدەوە هاتبوو ڕاگەیاندنەکەی هەڵواسیو ڕۆشت ، هەرکەس ئەو ڕاگەیاندنەی دەخوێندەوە زۆر بە ئەستەم دەیتوانی کەسانێک بدۆزیتەوە کە نوێنەرایەتی ئەو ڕاگەیاندنە بکات و بتوانیت تەعبیری لێبکات ، بەڵام وورده وورده دیاردەکە سەری هەڵداو داوی چنراو بۆ خەڵکی هەڵخرا ، سەرەتا لەلایەن چەندین شارەزاو کەسانی بەئەزموون لەبواری ئیسلامی سیاسی و بە تایبەت ( ئیخوان موسلیمین ) دا بیروڕای خۆیان بەیانکرد ، زمانی نەرم و نیانی ( یەکگرتوو ) جۆری تەبلیغاتیان خستە ژێر مەنگەنەی ئەوەی کە ئەم زمانی تەبلیغ و لێدوانەی ئێستای ( یەکگرتوو ) کاتییەو ، بەپێی چوونە پێشەوەی کار و قۆناغەکانیان وەک هاوشێوەکانیان لە وولاتانی تر دەگۆڕێت و دەبێت بە کاری توندوتیژی ، هەر ئەو کات کە چەند کەسێک بۆ ئەم وەڵامانە دەرکەوتبوون دەیانووت وانییەو ئەم لێکدانەوانە لەجێگەی خۆیدا نییە ، سەرەتا ( یەکگرتوو ) بەشێوەیەک خۆی نمایش دەکرد کە ئەسڵەن ئەوان بۆ سیاسەت و دەسەڵات و کورسی و حکومەت خۆیان ڕانەگەیاندوە ، ئەوان تەنها هاتوون هەندێک دیاردەی نامۆ هەیە لە کۆمەڵگادا ڕێکیبخەنەوەو ، هەندێک تێگەشتنی نادروست لە سەر ئیسلام هەیە ڕاستی بکەنەوە ، ئەم قسانە بەردەوام و لەگەڵ چوونە پێشەوەی کارەکانیان لەدەمی کادرو بەرپرس و قسەوباسی ناو خەڵکیان دەبیسرا ، ئەو سەردەمە قسەیەک لە سەر پرۆژەی سیاسی ، دەسەڵات ، قۆناغ ، پاشەکشێ لە

حکوومەت ، گۆڕینی ئالیەت ، هیچی نەبوو ، ڕۆژگار دەڕوات و هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردوستان بەجۆرێک دەگوزەرێت کەبۆ گەرای کارەکانی (یەکگرتوو ) زۆر باش گۆماوەکە لیخن دەبێت و مەودای هەڵسوڕان کراوەتر دەبێت ، تادەگاتە ئێستاو سەرەتای ترسناکی ستراتیژێک کە ( یەکگرتوو) کاری بۆ دەکرد دەردەکەوێت ، ئێستا ئیتر بە واقیعی و بە مەلموسی شەڕی قۆناغەکان دەرکەوتوون و ( یەکگرتوو ) ی لەبەردەم یەک ئاڵوگۆڕی چارەهەڵنەگردا داناوە وەک حەتمیەتی ڕەوەندو سروشتی ئەم بزووتنەوەیە ، (سەمیر سەلیم ) دەڵێت ( ئێمە پێمان وایە پرۆژەی چاکسازی سیاسیمان چوار قۆناغە ، دوو قۆناغیمان بەسەرکەوتووی بڕیوە ، قۆناغی ئیسڵاحی فکرمان کردووە کە توانیومانە لە ڕووی مەفاهیمی و فکریەوە تەرزێکی تازەو کولتورێکی نوێ پێشکەش بکەین لە کولتوری ئیسلامی و کولتوری کوردیداو، جیلێکیشمان بۆ ئامادە کردووە کە ئەمە قۆناغی دووەمان بوو ، قۆناغی سێیەمیش کە قۆناغی گۆڕانی سیاسیە ، کە پەیوەستە بە کۆمەڵێک هەلومەرجی بابەتی و کۆمەڵێک هۆکاری بابەتیەوە ، دەبێت دەسکاری ئەمانە بکەین ، ئێستا ( یەکگرتوو) لە قۆناغی سێیەمدایەو ئەم قۆناغی سێیەمە پێویست بە ناونانی خۆی دەکات ) .

هەرکەس لە ئەلف و بای سیاسەت بزانێت ئەو ڕاستیەش دەزانێت کە حیزب واتە هەوڵدان بۆ دەسەڵاتی سیاسی ، بەواقیعی ئەگەر حیزبی ڕاگەیەنراو حیزب بێت ، بەڵام ئەگەر ئێستا هەر چاودێرێک بەراوردێک لە نێوان ئێستاو ڕابوردووی ( یەکگرتوو ) بکات لەجۆری قسەکردن و تێپەڕاندنی بە قەولی ( سەمیر سەلیم ) قۆناغی سێیەم ، ئاسمان و ڕێسمانێکە ، ( یەکگرتوو ) خەریکە لەچەند ڕویەکەوە قۆناغی سێیەم تێدەپەڕێنێت ، ناونانی ئەم قۆناغە بە هەر پاشگرو پێشگرێکی چاکسازی و پاکسازی و ئیسڵاح کردن بڕازێنرێتەوە ، هیچ لەو واقیعەتە کەم ناکاتەوە کە ( یەکگرتوو) دەیەوێت بەزووترین کات دەستی بە قۆناغی چوارەم بگات کە قۆناغی دەست بردنە بۆ دەسەڵاتی سیاسی ، بەڵام پرسیارو ترسناکی هەلومەرجەکە لێرەدایە کە ئەرکی هەموومانە ڕێگای لێبگرین و وەڵامی پێ بدەینەوە ، ئەویش ئەوەیە ئایا (یەکگرتوو ) شانسی ئەوەی هەیە دەسەڵات وەربگرێت ؟ ئەگەر هەرکەس سەیری هەلومەرجی سیاسی کوردوستان و دەسەڵات و یاساو سیستەمی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکات ، ئەوە بێگومان دەڵێت نەخێر چونکە ئەو هێزەی لەکوردوستان دەتوانێت حاکم بێت ، دەبێت یەکەم هێزی چەکدار بێت ، هەمووشمان دەزانین نەهەڵبژاردن ، نەدەنگدان ، نە پەرلەمان ، شێوازی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نین لە کوردوستان تەنانەت بۆ ( یەکیتی و پارتی ) ش ، کەواتە ( یەکگرتوو ) دەبێت چی بکات لە کاتێکدا چ وەک قۆناغ ، چ وەک واقیعەتێک کە دەبێت چەند بارەی سروشتی ڕەوەندەکەی خۆی بکاتەوە لەم واقیعەتە چارەهەڵنەگرو حەساسەدا ، ( یەکگرتوو ) بەپێی لێکدانەوەکان و هەڵوێستی خۆیان دەیانەوێت دەست بەرن بۆ دەسەڵاتی سیاسی ، بەڵام (یەکگرتوو ) لە کاتێکدا قۆناغەکان تێدەپەڕێنێت و دەست بۆ دەسەڵات دەبات ، ڕووبەڕووە لەگەڵ پاشەکشەیەکی سایسی و مەعنەوی و نفوزی و کۆمەڵایەتی، تەنانەت ( یەکگرتوو) زۆر باش دەرکی ئەوە دەکات کە ئەو هەلومەرجەی ئەو گەشەی تێدا کرد وەک جاران نەماوەو ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە ، ( یەکگرتوو ) بۆ ئەوەی ئەم قۆناغە بەخێرای تێپەڕێنێت پێوویستی بەوە هەیە وەک بەدیلی دەسەڵات دەربکەوێت و ئەم نیازەش لە دیداری ( سەمیر سەلیم ) زۆر بەباشی دەردەکەوێت کە دەڵێت ( پرۆژەیەکی سیاسیمان بە دەستەوەیە و بەم نزیکانە بڵاوی دەکەینەوە ) من مەبەستم ئەوە نییە بڵێم نابێت هیچ حیزب و لایەنێک بەرنامەو پرۆژەی سیاسی هەبێت ، بەڵام ئەمەوێت ئەوە بڵێم پرۆژەی سایسی لە دنیای سیاسیدا بۆ دەسەڵاتە ، ئەم پرۆژەیەش پێچەوانەیە

لەگەڵ سەرەتای کاری ( یەکگرتوو ) لەگەڵ ئێستای دەست بردنیان بۆ دەسەڵات ، پاشان ( سەمیر سەلیم ) دەڵێت ( ئەگەر نا ئومێدبین لە حکوومەت هیچ باکمان نییەو لێی دەکشێینەوە )، ئەم لێدوانە تەنها ئەوە نییە لیستێکی پێکهێنەری حکوومەت دەکشێتەوە بەقەدەر ئەوەی کە بەیانی ئامادەیەک دەکات کە ( یەکگرتوو ) دەیەوێت لە خۆی نیشان بدات ، بۆ کاریک کە قۆناغ و دوا چارەنووسی بزووتنەوەکەی پێوە بەندە ، کەواتە بۆ ئەوەی ئەم هاوکێشەیە بەدروستی و وەک حوکمی قۆناغ و وەک سروشتی تەواوی هاوشێوەکانی بزوتنەوەکەی ( سەمیر سەلیم ) لێکبدەینەوە،بەبۆچوونی من بەو حەقیقەتە دەگەین کە ( یەکگرتوو ) بۆ ئەوەی دەست بۆ دەسەڵات بەریت پێوویستی بە توندوتیژی هەیە ، پێوویستی بە چەک و پەلامارو ترساندنی کۆمەڵگای هەیە ، بۆ ئەوەی زۆر بەئاسانی هەڕەشەو هەوڵی (یەکگرتوو) بۆ توندوتیژی و چاوسورکردنەوە ببینیت ، بڕۆن قسەکانی (مەلا سەلاحەدین) لەسەر لابردنی بەندی حەوت لە دەستوری کوردوستان سەیر بکەن ، کە جۆری قسەو نوسین و تەنانەت ڕیکلامە بۆ ئەو قسانە جیاوازیان هەیە لەگەڵ زمانە شیرین و نەرم و نیانەکەی جارانی ( مەلا سەلاحەدین )، بەرەئی من دەبێت چ خەڵکی کوردوستان و چ ڕۆشنبیران و کەسانی ئازادیخواز ئەم واقیعەتە بە جیدی وەرگرن و هەڵوێستی سیاسی و مەسئولانەی خۆیان نیشان بدەن ، بۆ پاراستنی ژیان و چارەنووسی خەڵکی کوردوستان و ڕێگە نەدان بەغەرق بوونی کۆمەڵگا لە زەلکاوێکی زیاتر . من ئەم بابەتەم وەک دەرگایەک سەیر ئەکەم بۆ کردنەوەی لێکدانەوەو پلیمێکی زیاتر لەسەر ئەم واقیعەتە کە هەمووومان دەخاتە بەردەم هەڵوێستی جدیەوە ، من هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا هەر لەسەر چاوپێکەوتنەکی ( سەمیر سەلیم ) چەندین قسەی تر بکەم بە تایبەت کە دەیەوێت ئەو فەزڵە بە خەڵک بفرۆشێت کە بەرگری لە ئازادی و بژێوی خەڵک دەکەن ، یان باسی ئەوە دەکات کە لەناو حکوومەت و پەرلەماندا ئەو هێزەی کە موعارەزە دەکات و قسە دەکات ، ئەندامەکانی ئەوانن ، بە بێ ئەوەی بە خەڵک بڵێت ئەوان لە حکوومەت و پەرلەمان ئیعتیرازیان بە چی هەیەو ، ئەوان خۆیان چ کارەن وا بەرگری لە ئازادی و بژێوی خەڵک دەکەن ، ( یەکگرتوو ) خۆی لەم هاوکێشەیەدا چ پێناسەیەکی هەیەو ، چ دەورو نەخشێکی گێڕاوە تا ئێستا ، بەو هیوایەی بتوانم ئەم کارە بکەم .